# گاردن سیتی



گاردن سیتی جوانترین و نایابترین كۆمەڵگەی نیشتەجێبوونە كە تا ئێستا لە عێراق و كوردستاندا ئەنجام درابێت.
گاردن سیتی ئەو شارەیە كە جیاوازی و تایبەتمەندی و شوێنی جواگرافی و ژینگەی بەرزو پاكەكەی وات لێدەكات هەست بە ژیانێكی ئاسودە بكەیت: ژیاندۆست و منداڵ دۆست و خێزاندۆستە.
گروپی كۆمپانیاكانی هەڵەبجە لە رێگەی كۆمپانیای بەیانەوە لە بەنرخترین زەوی شاری سلێمانی و لاپاڵی گۆیژەو ئەزمەڕ، كە بە كوردسات ناسراوە و پاكژترین ژینگەی ناوچەكەیە لە رووی تۆبۆگرافی و كەشی لەبار و ئاووهەوای سازگارو دڵرفێن و سروشتییەوە، شارێكی قەشەنگ و جوان و راقی و كوالیتی بەرز دروست دەكات كە رێژەیەكی زۆری پرۆژەكە سەوزایی و باخچەیەو هاوشانە بە یەكەكانی نیشتەجێبونی جیهانی و ستانداردێكی نێودەوڵەتی هەیە.
گاردن سیتی پێكهاتووە لە 18 باڵەخانەی مۆدێرن كە نوێترین دیزاینی هاوچەرخ و كەرەستەی گرانی تێدا بەكارهاتووە.بۆ هەر باڵەخانەیەك 40 شوقە لە خۆدەگرێت كە رووبەری هەر یەكەیەك 220 م٢ لەگەڵ گەراج و گەنجینەی تایبەت. شوقەكان پێكهاتووە لە 3 ژووری نوستن و 1 چێشتخانەی موجەهەزو 3 موشتەمەلات و 3 باڵكۆن و ژورێكی دانیشتن. یەكەی دوو نهۆمی تایبەتمەندیش"دوبلێكس" دروستكراوە كە رووبەرەكەی 420 مەترە بە گەراج و گەنجینەوە، كە پێكهاتووە لە 4 ژووری نوستن و 2 چێشتخانەی موجەهەزو 5 موشتەمەلات و سەربان (Terrace) و 2 ژووری دانیشتن و 3 باڵكۆن.
لەناو گاردن سیتیدا سەرجەم خزمەتگوزاریەكانی شارێكی مۆدێرنی دەستەبەر دەكرێت، وەك قوتابخانەو دایەنگاو باخچەی ساوایان و مەلەوانگەو یاریگاو خەستەخانەو ماركێت و باخچەو دارودرەختی جۆراوجۆرو شەقام و ئاوو ئاوەرۆو كارەبای بەردەوام و غاز.
یەكەكانی گاردن سیتی ئاوو كارەباو غازی بەردەوامی هەیە.
نوێترین عەزلی سەرماو گەرمای تێدایە و بەهیچ جۆرێك ژاوە ژاو نایەتە ناو یەكەكان و هەست بە ئارامی زیاتر دەكەیت.
تۆ دەتوانیت لەناو باخچەكانی گاردن سیتی ژیانێكی سەوزتر و ئاسودەتر هەڵبژێریت.